www.kurdistannet.org
31-10-2005 17:16 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# بەژێر شەپۆڵەکانی خۆردا

سەرهەنگ حەمەساڵح
xamosh_s@hotmail. com




ماوەیەکە. .
لەم وولاتە خۆر هەڵنایێ...
پرچی گەشی
بەسەر خاکدا شانە ناکا. . .
زانایانی فەلەك
مشت و مریان بوو
بێ خۆرچی بکەین
چۆن بتوانن
رووناکیەك دروست بکەن
هاوتەریبی ڕۆژانی ڕۆتین بێ
خاك
شاخ. . دۆڵ. . دەشت
دڵی یەکتریان دەدایەوە
کرنۆشیان بۆ یەکتر دەبرد
ئاوێتەی ڕەنگی زەردی
یەکتر دەبوون. . .
گۆڕستان
قەبرەکان. .
تێکرا هەڵسابوونەوە سەرپێ
بەخێر هاتنی
میوانەکانیان دەکرد. .
ئەستێرە
تریسکەی. . خۆشیان
دەرشتە سەر سیمای خاك و
بەڕووی یەکتر

پێدەکەنین. . .

مانگ

بە تریفەی خۆی دەنازی
بە ئەستێرەکانی دەگوت
وەرن پرچم شانە کەن
من لە هەمووتان. . جوانترم. !

درەخت

گەڵاکانی بۆ شەپۆلی
ئەم تیشکە دەگریان
کە هەموو ڕۆژ
ئاسۆیان بە جوانی خاك
شاد دەکرد. . .

بانگەواز

کاتێ زانایاتی فەلەك
بڕیاری ئەوەیان دەکرد
جەنابی خۆر. . بەڕێوەیە
هەموو شتێ. . شاگەشکە بوو. . !

ئاگاداری

لەگەڵ هەڵاتنی خۆر
خاك بە جوانی
هەموو شتێ شاد بوو
وەرە گوڵم. .
با من و تۆش
لە ژێر شەپۆڵەکانی خۆردا
بە ئامێزی. . یەکتر شاد بین. . . !